# کێشەی سەرەکی هاووڵاتیانی دەربەندیخان دڵنیا نەبوونە لە خاوێنی ئاوی خواردنەوە



**قەزای دەربەندیخان ناحیەی باوەخۆشێن و ٥٩ گوند لەخۆ دەگرێت و ژمارەی دانیشتووانی بەگشتی نزیکەی(٤٠) هەزار کەسە. لە دوای راپەڕینەوە قەزای دەربەندیخان گەورەبوونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیـــوە، بە هۆی ئەو کارو پـــڕۆژە خزمەتگوزارییانەی لە لایەن حکومەتـــی هەرێمەوە لەم دەڤەرەدا ئەنجامدراون، بەڵام هێشتا پێویستی بە کاروپڕۆژە و ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیە، هەر بۆیە هاووڵاتیانی دەربەندیخان داوای پڕۆژەی خزمەتگوزاری زیاتر دەکەن، وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان سەردانی قەزای دەربەندیخانمـــان کرد و لە نزیکەوە چەند هاووڵاتییەکمان دوانـــد کە هەر یەکەیان داواکارو و گلەییان لەســـەر کەموکوڕی کارو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی سەنتەری شارۆچکەکە و گەڕەکەکانیان هەبوو، ئەم گلەیی و گازاندانە و چەند پرسیارێکی دیکەمان ئاڕاستەی (سەردار فەقێ محەمەد) قایمقامی قەزای دەربەندیخان کرد.**
















### بێسەروبەریی خزمەتگوزارییەکان

لە سەرەتادا داواکاری و گلەییەکانی هاووڵاتیانی قەزاکە دەخەینەڕوو کە بـــەم جۆرە بوو، مەحمود ئەحمەد یەکێك لـــەو هاووڵاتیانەی کە دواندمان و ئاماژەی بەوەدا کە کێشـــەی سەرەکییان دڵنیا نەبوونە لـــە خاوێنـــی ئـــاوی خواردنەوەکەیان، لەبەر ئەوەی ئاوەکـــە ڕەنگ و تامی تەواو نییە و بۆنیشـــی ناخۆشـــە. هەروەها حەمەد ساڵح لە گەڕەکی شەهیدان گوتی: ئەوەی من دەیبینم کە هەندێ گەڕەك تا ئێســـتاکە ئاوی خواردنەوەیان کەمـــە و شـــەقام و کۆڵانی هەنـــدێ گەڕەك و شوێنیش پێویستی بە شۆستەو قیرتاو کردن هەیە، هاووڵاتییەکی دیکە بەناوی قادر حەسەن گوتی: لە کاتێك مامەڵەیەکمان لە فەرمانگەکانی حکومی هەیـــە، دەبێت هاتوچۆیەکی زۆر بکەین، هاوکات لە بـــواری خزمەتگوزاریدا کێشـــەو کەموکوڕی هەیە بەتایبەتی لە نەبوونی پزیشـــکی پســـپۆڕو پشکنینی تەندروســـتی. لە گەڕەکی شارەوانی کەریم عەبدوڵڵا ڕوونی کـــردەوە کە ئەو گەڕەکە زیاتر کێشەی نەبوونی شۆستەو بێسەروبەری کۆڵان و شـــەقامەکانی هەیە و لەم لایەنانەوە بەتەواوی پشـــتگوێ خراون و لەوەرزی زستانان قوڕو لیتە ســـەرتاپای کـــۆڵان و گەڕەکەکە دادەپۆشـــێت. هاووڵاتییەکی دیکە بەناوی بەدریە عەلی باسی لەوەکرد کە نەخۆشـــخانەکەی دەربەندیخان هەموو پشکنین و نەشـــتەرگەرییەکی لێ نییە، بۆیە بۆ زۆر حاڵەتی نەخۆشـــی و چارەســـەرکردن دەچنە نەخۆشخانەکانی سلێمانی.

هەروەها عەبدوڵڵا ئەحمەد ســـەبارەت بە کەرتی پەروەردە ئاماژەی بەوەکرد کە تا ئێستا سیستەمی تازەی پەروەردە لەڕووی دەوام و پۆلەکانی خوێندنەوە جێبەجـــێ نەکراوە و زۆربـــەی قوتابخانەکان دوو دەوامین، هەروەها ئەو ڕێگا سەرەکییەکانی دێنە نێـــو قەزاکە لەگەڵ تۆنێلەکە بە کەڵکی هاتوچۆ نایـــەن و ڕووداوی هاتوچۆیان لـــێ دەکەوێتەوە. لەلایەکی دیکە گوندەکانی ناوچەی شـــەڕەبەیان لە سنوورەکەدا لەبەر کەموکوڕی خزمەتگوزاری و گرنگینـــەدان بـــە کارو پـــڕۆژەی پەرەپێدانی کشتوکاڵی بارودۆخیان باش نییە. هاوکات حامید محەمەد گوتی: لە گوندەکانی سنوورەکە کێشەی ئاومان هەیە بەتایبەتی بۆ کشتوکاڵ و بێستان و باخداری و ئەوەی لە ٥ دۆنم کەمتر زەویشی هەبێت ئەوە ناتوانێت بۆ خۆی بیری ســـوری لێ بدات و پێویستە بۆ هەموو گوندەکانی سنوورەکە پڕۆژەو جۆگەلەی ئاودێری دروست بکرێت. سۆران قاسم لە گەڕەکی ١٠٢ گوتی: گەڕەکەکەمان هەندێ کۆڵان و شوێنی تۆڕی ئاو و کارەبای بۆ نەهاتووە و تا ئێســـتاکە بەتانکەر ئاو بەسەر ماڵەکانی ئەو گەڕەکە دابەش دەکرێت. ئەحمەد حەمە ســـور لە گەڕەکی سەلیم پیرك ڕوونی کردەوە کە ئەم شوێنە پێشـــتر گوند بووە لە دوای ٢٠٠٣ ئاوەدانبۆتەوە، بـــەڵام تا ئێســـتا نـــە گوندەو نە گـــەڕەك و لە هەموو بوارەکانی خزمەتگوزاری فەرامۆشکراوەو بەفەرمیش ئاوی خواردنەوەیان پێ نەداوین، بەڵکو لەسەر حیسابی خۆمان بە سۆندە ئاومان هێناوە. هەر لە سەلیم پیرك نەسرین حەمە ڕەش وتی: بە چاوی خۆتان دەبینن کە کۆڵان و شـــەقامەکانی بێ سەروبەرەو قیرتاو کۆنکریت و شۆستەمان بۆ نەکراوە و بنکەی تەندروستیمان نییە.

### ماستەرپلانی دەربەندیخان لە قۆناغی ڕاگەیاندنە

شـــارۆچکەی دەربەندیخان ماســـتەرپلانی نییەو بڕیارە لە ڕێگای وەزارەتی شارەوانییەوە ئەو پڕۆژە پێویســـت و گرنگەمان بۆ دروست بکەن و ئەوەی من ئاگاداریم پێموایـــە لە قۆناغی ڕاگەیاندنایە و جگە لـــە ماســـتەرپلانی بەرفـــرەوان کردن و نیشـــتەجێبوون پێویستە و داواکارین ماستەرپلانی گەشـــتیاریش بۆ ســـنوورەکەمان دروست بکەن. ئەمەیان پێشـــەکی قســـەکانی ســـەردار فەقێ محەمەد قایمقامی قـــەزای دەربەندیخان بوو،کە زیاتر گوتی:دەبێت ئەوەش بزانین کە شارۆچکەی دەربەندیخان لەســـێ لاوە گیراوە لەلای سەرەوە بە شـــاخی بەرانان و لەلایەکی دیکەشەوە بە شاخی زمناکۆ و لە خـــوارەوە بە ئاو، تەنیا بەلای کانی ســـاردەوە دەتوانرێـــت بەرفـــراوان بکرێت و زەوی بـــۆ بکوژێنینەوە و ئەمســـاڵ ئەوەمـــان لەگەڵ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران باس کردووە و لەپاشان لیژنەیەك لەســـەر ئاستی وەزیری داد و شـــارەوانی و پارێزگا بۆ دامەزراوە بۆ ئەوەی ئەو زەویانەی بە لای کانی ساردەوە کوژاندنەوەی بۆ

## هاووڵاتیانی سەنتەری قەزاو سنوورەکە بۆ نەشتەرگەری و زۆربەی پشکنینەکان سەردانی نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی دەکەن

دەکرێت مامەڵەیان بۆ بکرێت و جووتیارەکان هەر یەکەیان بەپێی یاساو ڕێنمایەکان قەرەبوو بکرێنەوە و ئێستا کارو ئیش لەسەر ئەو پرسە دەکرێت و بە هۆی کوژاندنەوەی ئەو ڕووبەرە زەوییە کشتوکاڵییانەوە دەتوانین کێشەی نیشتەجێبوون و بەرفراوان بوونی شارۆچکەکە چارەسەر بکەین.

### تۆڕی ئاوی گەڕەکە کۆنەکان پێویستی بە تازە کردنەوەیە

سەبارەت بە کەموکوڕی و گرفتی ئاوی خواردنەوە و ئەو گلەیی و گازاندەی هاووڵاتیان کە لەسەر تام و بۆنی ناخۆش و پیسبوونی ئاو هەیانە، قایمقامی قەزای دەربەندیخان ڕوونی کردەوە کە لە هەندێ لەو گەڕەکانەی تۆڕی دابەشکردنی ئاویان کۆنە ئەوە کێشەی کەم ئاوییان هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەش داوامان لەلایەنی پەیوەندار کردووە کە تۆڕی دابەشکردنی ئاوی ئەو گەڕەك و شوێنانە تازە بکەنەوە، لە گەڕەکە تازەکانیش کەمترین کێشەمان لەم ڕووەوە هەیەو تەنیا لە یەك گەڕەك نەبێت کە تۆڕیان بۆ دانەنراوە کێشەی کەم ئاوییان هەیە، هەر بۆیە بە تانکەر ئاو بەسەر ئەو ماڵ و شوێنانە دابەش دەکرێت و نەمانهێشتووە بێ ئاو بن، سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی دەربەندیخانە ئاوی بەنداوی دەربەندیخانە و گومانی پیسبوونی ئاوەکە هەیە لەبەر ئەوەی زۆربەی ئاوەڕۆکانی ناوچەی شارەزوورو شاری سلێمانی و ناوچەی تانجەرۆ دێتەوە سەر ئاوی بەنداوی دەربەندیخان، بەڵام حکومەتی هەرێم بۆ پاککردنەوەی ئاوی خواردنەوەی شارۆچکەکە پڕۆژەیەکی ئەنجام داوە کە ئەویش پڕۆژەی فلتەرە و ئێستاکە لە بواری کار کردندایە، بەڵام پێویستە لە کۆتایی هەموو ئەو ئاوەڕۆیانەی دێتەوە سەر ئاوی بەنداوەکەش پاڵاوگە دروست بکرێت.

### ئەو گەڕەکانەی کۆڵانەکانیان قیرتاو نییە خراونەتە بەرنامەوە

سەبارەت بەو گەڕەك و شوێنانەی ناو سەنتەری قەزای دەربەندیخان کە تا ئێستا شۆستەو قیرتاو و کۆنکرێتیان بۆ نەکراوە قایمقامی دەربەندیخان گوتی: بەشی زۆری گەڕەکەکانی قەزای دەربەندیخان کۆڵان و شەقامەکانیان شۆستەو قیرتاو و کۆنکرێتیان بۆ کراوە و ئەو گەڕەکانەی ماوە وەکو گەڕەکەکانی (٨٤ و ٤٨)ەکان کە ئەوانیش خراونەتە بەرنامە و پلانی کارو پڕۆژەکانی ساڵی ٢٠١٢، لەلایەکی تر لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە لە دەرەوەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان و وەزارەتەکان ئەمساڵ ١٠ ملیار دینارمان بۆ تەرخان کراوە.

### دەربەندیخان پێویستی بە بینایەی قوتابخانە هەیە

سەبارەت بە کێشە و گرفتەکانی بواری پەروەردە قایمقامی قەزای دەربەندیخان ئاماژەی بەوەکرد کە تا ئێستا دوو دەوامی لە قوتابخانەکانی ناو سەنتەری شارۆچکەکە ماوە و بۆتە کارێکی ئاسایی کە لە ڕاستیدا ئاسایی نییە بەتایبەتی لەگەڵ ئەو سیستەمە تازەیەی پەروەردە دا و چەند ساڵێك پێش ئێستا لە لایەن حکومەتی هەرێم و وەزارەت و لایەنی پەیوندارەوە هەڵمەتێك بەناوی هەڵمەتی نیشتمانی ڕاگەیاندرا بۆ دروستکردنی بینایەی قوتابخانە لەم هەنگاوەدا دەربەندیخان بەشێکی لە کێشەی کەمی بینایە بۆ چارەسەر کرا هەر چەندە ئەمەش بەپێی پێویستی وخواستی ئێمە نەبوو، هەر بۆیە ئێستاکەش کێشەی کەمیی بینایەی قوتابخانەمان هەر هەیە و چاوەڕوانین بۆمان چارەسەر بکەن، هاوکات لە زۆربەی گوندەکان قوتابخانە هەیە تەنیا لەو گوندانە نەبێت کە ژمارەی قوتابییانیان بەپێی پێویست و ڕێنمایەکان نییە.

## گوندنشینەکان داواکارن کارو پڕۆژەی ئاودێریان بۆ بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر گەشە بەکاری کشتوکاڵی و باخداری بدەن

### هاووڵاتیان بۆ پشکنینی تەندروستی دەچنە سلێمانی

سەبارەت بە پێداویستیی شارۆچکەو سنوورەکە لە بواری تەندروستیدا قایمقامی قەزای دەربەندیخان گوتی: نەخۆشخانەیەکی باش لە شارۆچکەکە هەیە، بەڵام ئەوەی زیاتر لە بواری تەندروستی لە سەنتەری قەزاو سنوورەکە کێشەیە ئەوە نەبوون و کەمی پزیشکی شارەزاو پسپۆڕە، بۆیە دەڵێم چی لە بینایەی نەخۆشخانە بکەین بەبێ پزیشکی پسپۆڕ و شارەزا و هەموو گوندەکانی سنوورەکەش یەکەی تەندروستیان هەیە، بەڵام لەلایەن کارمەندی تەندروستی بەڕێوەدەچێت نەك پزیشك، هاوکات بە چەند گوندێکی نزیك یەکتر وامانکردووە بنکەیەکی تەندروستی ئێشکگری ٢٤ کاتژمێریان هەبێت بۆ فریاکەوتن و چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتە کتوپڕانەی وەکو پێوەدانی مارو دوپشك و...

### نەبوونی کارگەی ڕیسایکلین کێشەیەکی بەرچاوە

سەبارەت بە کۆکردنەوەو خۆرزگارکردن لە زبڵوخاشاك قایمقامی قەزای دەربەندیخان جەختی لەوە کردەوە کە تیمەکانی شارەوانی ڕۆژانە کۆڵان و شەقام و بازاڕەکانی ناو سەنتەری قەزاکە بە پاك دەکەنەوە و ژمارەی کرێکاری هەمیشەیی کەمە و ئەو ئەرکەش بە کرێکاری گرێبەست پڕ کراوەتەوە و کێشەی کەمیی ئامێریش بۆ ئەم خزمەتگوزارییە





**سەردار فەقێ محەمەد**
**قایمقامی قەزای دەربەندیخان بۆ(گوڵان):**

# لە دەرەوەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان ١٠ ملیار دینارمان بۆ تەرخان کراوە

هەیە، لە بواری زبڵوخاشــاك كێشەی سەرەكیمان شێوەو سیســتەمی خۆرزگاركردنە لە زبڵوخاشاكە كە زۆر كــۆن و تەقلیدییــە و هۆكارێكی زۆرو مەترســیداری پیســبوونی ژینگەیــە، ئەمەش پێویســتی بە دامەزراندنی كارگەی ڕیسایكلینە نەك تەنیا بۆ سنووری قەزاكەی ئێمە، بەڵكو وەك زۆنێك بۆ چەند قەزایەكی ناوچەكە دروست بكرێت، لەلایەكی دیكــەوە ئەو بــواری خزمەتگوزارییە پێویستە بە سیستەمێكی هاوچەرخە و بە كەرتی تایبەت و كۆمپانیای شــارەزاو خــاوەن ئەزموون بدرێت.

## ١٦ملیار دیناربۆ دروستكردنی پرۆژەیەكی گرنگی ئاودێری

سەبارەت بە كارو پرۆژەكانی وەزارەتی كشتوكاڵ و ســەرچاوەكانی ئاو قایمقامــی دەربەندیخان ئاماژەی بەوەدا كە ئێستا خەریكی ئەنجامدانی بەنداوێكی گەورەو ســتراتیژین بۆ سنوورەكە كە زیاتر لە ١٦ملیار دیناری بۆ تەرخانكراوە و ئەو بەنداوە لەسەر چەمی دێوانەیە بە ناوی بەنداوی دێوانــە، هەروەهــا بەرنامە هەیە كــە بەنداوی دیكە و هاوشــێوەی بەنداوی دێوانە لە سنووری قەزاكــەدا دروســت بكەن، گەرچی تا ئێســتا وەزارەتی پێوەندار لە بــواری پڕۆژەی ئاودێری كەمتەرخەمە و هەر بۆیەش كەمترین ســوود لە بەنداوەكان، كە لە ســنوورەكە هەیە، وەرگیراوە، هاوكات لە دابەشــكردنی ئامێری كشــتوكاڵی و بــرەودان بــە ئاژەڵداری وەزارەتی كشــتوكاڵ كەمتەرخەمە، هەر بۆیــە لێرەدا داواكارین زیاتر گرنگی بە جووتیارانی ســنوورەكە بدەن و كارو پرۆژەی پێویستی بۆ بكرێت، چونكە سنوورەكە دەوڵەمەنــدە لە زەوی كشــتوكاڵی و باخداری و خاكێكی بەپیت و بەرەكەتی هەیە.

## داواكاری بۆ دابەزاندنی دەسەڵاتەكان

سەبارەت بە دابەزاندنی دەسەڵات و كاریگەریی لەسەر جێبەجێكردنی كارو پرۆژەكانەوە قایمقامی قــەزای دەربەندیخــان گوتــی: دابەزاندنــی دەسەڵات بۆ یەكە ئیدارییەكان تەنیا پێوەندی بە جێبەجێكردنی پرۆژەكانەوە نییە، بەڵكو پێوەندی بە كارو ئیشی ڕۆژانەی خەڵك و ئێمەشەوە هەیە، هەر بۆیە ئێمە لە مــاوەی ڕابردوودا داواكاری دابەزاندنی دەســەڵاتەكانمان لە كۆبوونەوەیەكدا لەگــەڵ بەڕێز وەزیــر و بریــكاری وەزارەتی ناوخۆو پارێزگارەوە بە یاداشتێك بەرز كردۆتەوە و ئەوانیش لەگــەڵ ئێمە هاوڕان بۆ دابەزاندنی



**تۆنێلەكەی دەربەندیخانیش بڕیار بوو نۆژەن بكرێتەوە، بەڵام تا ئێستا وەكو خۆی بە سووتاوی ماوەتەوەو بە ناچاری نەبێت بەكەڵكی هاتوچۆكردن نایەت**

دەســەڵاتەكان ئەو داواكاری و یاداشتانەش بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرز كراوەتەوە و چاوەڕوانی وەڵامین.

## پرۆژەیەكی گرنگی یەكەی نیشتەجێكردن

لە كۆتایدا قایمقامی دەربەندیخان وتی: ئێســتا كۆمەڵی پرۆژەی گرنگ و پێویســت لەهەموو ســێكتەرەكانی خزمەتگوزاری لەبەردەســتدایە و ئــەو پرۆژانەش پەیوەندی ڕاســتەوخۆیان بە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیانی ســەنتەری قەزاو ســنوورەكە هەیە، بــۆ نموونە دروســتكردن و كۆنكرێت كردنی شۆستەو شەقام و كۆڵانەكانی ناو شارۆچكەكەو گەڕەكەكانی و دروستكردنی بەنداوی دیوانە. بەڵام لە سنوورەكەدا تا ئێستاكە هیــچ كارو پرۆژەیەكی گەشــتیاری ئەنجام نەدراوە و ڕاوبۆچوونیشــم وایە تا ماستەرپلانی گەشــتیاری بۆ ســنوورەكە نەكرێت ئەوە هیچ پرۆژەیەكی گەشتیاری دروست نەكرێت، چونكە بەبێ ماســتەرپلان كارو پرۆژەكان سەركەوتوو نابــن و هەر چەندە پــرۆژەی زۆریش بكرێت. هەروەهــا لە ڕێگای وەزارەتــی ئاودانكردنەوەو نیشتەجێكردن دروســتكردنی چەند یەكەیەكی نیشتەجێبوون كە خۆی لە سێ باڵەخانە دەبینێتەوە ڕاگەیاندراوە كە ئەم یەكانەش دەدرێن بە خەڵكی هــەژارو كەمدەرامەت، هەروەهــا تۆنێلەكەی دەربەندیخانیــش بڕیار بوو نــۆژەن بكرێتەوە و بەڕێوەبەرایەتیی ڕێگاوبانی پارێزگای سلێمانی چەند كۆمپانیایەكی هێناوەتە سەر تۆنێڵەكە بۆ ئەو مەبەستە، گەرچی تا ئێستا وەكو خۆی بە سووتاوی ماوەتەوەو بە ناچاری نەبێت بەكەڵكی هاتوچۆكردن نایەت.